# توركيا و مەترسيەكانی كورد

عو سمان ريشه
dyako@maktoob.com

ئێستا ولەو كاتەدا پێم وابێت گەرمترين بابەتێك كە جێگای‌باس وخواسی هەمو خەلْكی عيراق بێت ئەوەيە، كە ئاخۆ كەی رژێمی ئێستا لەشان و شكۆی دەدرێ وئەو ولأتەی پی‌چۆلْدەكرێت، يان تۆ بلْێی ئەو ترسەی لەدلْی خەلْكی دايە هەروا بەئاسانی و وەك حيساباتی ئەمريكا بروات وخەلْكی بەكەمترين زيان لەو بەلأيە رزگاريان بێت، يان دەبێت ئەوەش وەك دەربرينەكانی ديكەی لێبێت و بەدبوێكی ديكە دا بكەوێتەوە، هەرلەو سەرو بەندەدا ئۆپۆزسيۆنی عيراقی لەكوردستان كۆدەبێتەوە و بەپێی هەواڵەكان دوايين هەلْوێستی يەكگرتو لەسەر دواين كاتەكانی گۆرينی رژێمی عيراقی دەدەن، زەنگێكی مەترسيە بۆرژێمی عيراق لە بەرامبەری ئەوەش دابارەكە مايەی دلْخۆشيە بۆ گەلی عيراقی بەگشتی. بەلأم بۆ گەلی كوردستان هەردو لای تێدا يە خۆشيەكە ئەوەيە كە لەدەست زولْم وزۆری رژێمی زۆردارو داپلۆسێنەری عيراق رزگارماندەبێت و دەكەوينە كەش وهەوايەكی ديكەوە. ناخۆشيەكەشی ئەوەيە كە ئێستا توركيا هەرەشەی هاتنە ناوەوەی كوردستان دەكات بەبيانوی ئەوەی كەكوردەكان خەريكن دەولْەتی كوردی دابمەزرێنن، وتورك —مانەكانيش ئاسايشيان نيەو پێويستيان بەپارێزگاريكرنە، دوايی توركيا بەهەمو ناتێگەيشتويی خۆيەوە داوای‌كەركوك دەكات، ئەوشارەی كەكورد لەپێناويدا مێژويەك شەری خوێناوی لەگەلْ رژێمە يەك لەدوای يەكەكانی عيراق كردوە وتاەوروشی لەگەلْدا بێت ئەو ململانێيە هەر بەردەوامە. كەچی لەبەرامبەردا نەمانديت رۆژێك لەرۆژان پياوانی گورگە بۆرەی لەپێناو كەركوك دا تەنانەت دروشمێك بەرزكەنەوە نەك تەقە بكەن، كەواتە (كەركوك بۆئێوانە)

ئێستاش كەوەختی گۆرانكاريەو هەمو لايەك لەو را ستيە گەيشتون زۆرانيش پێيان وايە كەدەبێت لەدابەشكرنی عيراقدا بەشيان هەبێت، چونكە وادەزانن ئەوە ئەوولأتە دەبێتە چەند پارچەيەك وئەگەر زو فريای نەكەون ئەوا بەشيان دەخورێت. تێگەيشتنێكی هەلْەيە بۆ هەمو ئەوانەی كە بەم شێوەيە بير دەكەنەوە، چونكە سەركردايەتی سياسی كوردو دوايش سەركردايەتی ئۆپۆزسيۆنی عراقی چەند جار دوپاتيانكردۆتەوە كە عراق بەيەك پارچەيی دەمێنێتەوەو كەسيش چاوی لەدابەشكردنی ئەو ولأتەوە نيە، بۆيە دەبوو لەوە تێبگەن كە سروشتی ژيانی خەلْكی ئەو ناوچەيە زۆر جياوازە لەسروشت وئاكاری ئەو ناوچانەی كەئەوان سەرپەرشتی دەكەن. ئەگەر پێيان وابێت ئەوا لوقمەكەيان لەكۆشدا يە تەنيا لەزار نانی دەوێت ئەوا ديسان هەلْەن.

هەلْەن چونكە خەلْكی كوردستان لەپێناو كەركوك و هەموناوچەكانی ديكەی كوردستاندا شەر دەكات. هەر لەو رۆژانەش گوێبيستی ئەوە بووم كەئۆپۆزسيۆنی عيراقی لەبەرنامەيدايە كە ئەنريكيەكان لەوەئاگاداربكەنەوە كەبەهيچ شێوەيەك رازينين توركيا بێتە ناو خاكی كوردستانەوە تەنانەت ئەگەر بەناوی دروستكردنی خێوەتگاشەوە بێت. ئەوەتا وشيار زێباری گوتەنی (ئەگەر سالْی 1991 كوردەكان پەنايان بۆ ولأتانی دەوروبەر دەبرد ئەوا ئەوكات هيچ رێكخراوێكی خێرخوازو دوايش حكومەتی كوردی نەبون بەلأم ئێستا دەيان رێكخراوی خێرحوازی وحكومەتی خۆمانە هەيە و ئەوان لەو بوارانە كاردەكەن وپێشبينيشيان كردووە) كەواتە پێويستيمان بەكەس نيە كە بەو شێوەيە هاوكاريمان بكات بۆيە وايدەبينين كە لە ئێستا وە پێويستە رۆشنبيرانی كورد لە ناوەو دەرەوەی ولأت بەئەركی سەرشانی خۆيان هەستن وهەولْبدەن زۆرترين خەلْكانێك

لەبارودۆخی ناوچەکەو مەترسیەکانی تورکیا ئاگاداربکەنەوە، چونکە بەراستی هاتنە ناوەوەی تورکیا مەترسیەکی یەکجار گەرەیە کەلەوانەیە لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەرکی پێبکرێت. دڵنیاشین ئەگەر تورکیا بێتە ناوکوردستانەوە ئەوا ئێرانیش بەماڤی خۆی دەزانێت کەئەویش بەژداری بکات، لەوانەیە تا حەدێك ناهەقیشی نەبێت. چونکە ئەویش وەك تورکیا بەدوای چاڵە نەوتدا دەگەرێت ودەیەوێت هەنگوینی لەدارێدا بدۆزێتەوە،

تائێستاش تێنەگەیشتوم تورك —مانەکان بۆ ئاسایشیان پارێزراو نیە، ئەی ئەوەنیە بەبەر چاوی هەمو خەڵکی کوردستانەوە جاسوسی بۆ دەزگاکانی میت دەکەن وکەسیش قسەیان پێناڵێت، لەو رۆژانەدا سەنعان قەساب لەشاشەی تەلەفیزۆنەکەی خۆیانەوە بەئاشکرا مۆبایلەکەی میتی دەرهێناو بەبەرچاوی هەزاران بینەری کوردەوە قسەیبۆ ئاغاکانی خۆی دەکرد لەئەنکەرەو شکایەتی لەکورد دەکرد بەوەی کە جاسوسەکانیان گرتون. توخوا لە هەمودنیادا دیموکراسیەتێك لەوەی کوردستان باڵاتر بووە، یان هیچ میلەتێك کەلەوڵاتێکدا کەمینەبن لەسەر شاشەی تەلەفزنەوە وێراویانە بەوشێوەیەجاسوسی خۆیان ئاشکرابکەن. ؟ تێنەگەیشتم لەوسیحرەی کەبۆ تورکمانەکان بەژمارە (ئەوەی لەلایەن بەرەی بەناو تورك —مانەوە دراوە بەتورکیا) لەکورد زیاتر بن، کەچی کورد بەهەرەشە دەزانن لەسەر خۆیان. لەو کاتەدا تەمەنا دەکەم کە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەو بارەیەوە بریاری یەکهەڵوێستانە بدەن وهوشداریش بدەنە تورکیا.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003